www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8:07 21-10-2006

# ڕێگای (ئەشکەنە، ئیسێوە) مەرگەسا تە بۆ دانیشتوانی گوندنشینەکان؟! ... محمدسیاسی ئەشکەنەیی



ڕێگای ئەشکەنە وئیسێوە، یەکێکە لەو ڕێگایانەی لەسەردەمی حوکمی بەعسی فاشیدا بۆ مەرام و بەرژەوەندیەکانی خۆی دروستی کردبوو، چەند ساڵ لەمەوبەر لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا بە نۆژەن کردنەوەی ئەو ڕێگایەو دروست کردنی چەند پردێك بۆ ڕێگە گرتن لە زیانگەیاندن بە ڕێگاکە، بەڵام لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێم زۆربەی ئاوەدانکردنەوەکان بەکۆمپانیاکان دەسپێرێت کە کۆمپانیاکان خوا خوایانە زوو زوو تەواوی بکەن و بڕۆن، بۆ دانیشتوانی گوندەکان نەیانتوانی سوود لەو ڕێگایە وەرگرن چونکە کۆمپانیاکان وەکو پێویست ئەنجامیان نەدابوولەبەرئەوەی ڕێگایەکی سەرەکیەو قەرەباڵغی زۆری بەسەرەوەیە و شوێنێکی بازرگانیشە لەگەڵ سنوری سەردەشتی ئێران، جگە لەوەش بەهۆی ئەو ڕێگایەوە بازارو بازرگانی ئەبوژێتەوە و سودیش بە دانیشتوانی گوندەکان دەگات و ئەتوانن بەهۆی کۆڵ کێشی و کرێکاری ژیانی خۆیانی پێ مەیسەر بکەن کە لەسنورەکە بەحوکمی کەمی باران بارین و نەڕوانی کشتوکاڵ و کێشەی ڕووەکی تر گوندنشینان نەیانتوانیبوو سوود لەبەروبوومە کشتوکاڵیەکان وەربگرن و زیاتر خەڵکانی ناوچەکە بەهۆی بوونیان بەپۆلیس و ئاسا یش و پێشمەرگە بژێوی ژیانیان دابێن دەکرد بۆیە کاسپی کەم بوو لەسنورەکە، بەڵام بەحوکمی ئەم بازاڕەی کەلەبەینی سەردەشت و سنورەکە کراوەتەوە بۆ ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکان خەڵکێکی زۆر سوود مەند بوون بۆیە جێگای دەست خۆشیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کەلایەك لە سنورەکە بکاتەوەو سوودێك بە دانیشتوانەکەی بگەیەنی و خەمی ئەو خەڵکە فەقیروهەژارەش کۆتایی پێ بهێنێ، چونکە دانیشتوانی ئەو گوندانە هەمیشە لەسەردەمانی ڕژێمی گۆڕ بەگۆڕدا دوچاری تەرحیل هاتبوون و گوێزرابوونەوە بۆ ئۆردوگای زۆرەملیکان و ئەو جادەیەش لەلایەن ڕژێمەوە دروست کرابوو بۆ شەڕ فرۆشتن بە دەوڵەتانی دراوسێ و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چونکە بەردەوام ئەو سنورانە دوای کۆچی خەڵکەکەش پێشمەرگە ئەویێیان چۆڵ نەکردبوو گورزی جەرگبڕیان لە سەربازانی ڕژێم ئەدا بۆیە چاك وایە پێشمەرگە و فەرماندەکانی دوێنێ نمونەی خزمەتگوزار سەرکردانە ئەو سنورە ئاوەدان بکەنەوە کەئێستاش زۆر لە شوێن و گوندەکانی پەروشی خزمەتگوزارین، هەربۆیەش دانیشتوان بەماقی خۆیانی دەزانن داوا لە دەسەڵات بکەن کە چۆن شەوو ڕۆژیان تەرخانکردووە بۆ خزمەتکردنی شاروو پارکەکان با ئاوهاش فریای دانیشتوانی گوندەکان بکەون بۆ نەهێڵانی کەم و کوڕیەکانیان لەڕووی خزمەتگوزاریەکانەوە، کە دانیشتوانی گوندەکان ڕەخنەی ئەوەیان هەیە لە دەسەڵات کە دەسەڵات ئەوانی فەرامۆش کردوەو زیاتر خزمەتگوزاریەکانی هەربۆ شارەکانە، کە گەر سەیری دانیشتوانی گوندەکان بکەن ڕوخسارێکی نەخوازراوی دەرونیان پێوە دیارە بەوەی وەك مرۆڤێکی ئاسایی ناتوانن ژیان و گوزەران بکەن، بۆیە دانیشتوانی گوندەکان ڕۆژانە گوندەکان جی دەهێڵن و پەنا دێنن بۆ شارەکان و لەوی ئەبن بەکرێکاروو سەرقاڵی کاری تر ئەبن، بەکۆچکردنی گوندنشین لەلادی وە بۆ شار ئیتر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری روو لەکەم بون دەکات و لەباری ئابووریەوە حکومەت زیاندارئەبی.